www.kurdistannet.org
28-1-2006 20:41بـەكاتی ناوەندی ئەورووپا

# پاسكيل وەک هۆكارێكی گواستنەوەی شارستانی ... ئەندازيار نەريمان مەلا محمد گەلالی



پاسكيل لە زۆربەی وڵاتانی پێشكەوتووی ئەوروپی و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسياو چينو زۆر وڵاتی تر وەكوو هۆكارێكی گواستنەوەی كاريگەر بەكار دەهێنرێت نەک لەبە ر باری ئابووری ئەو كەسانەی كە بەكاری دەهێنن وەكوو بڵێی كەم دەرامەت بن ياخود هەژار بەڵكوو زياتر لەبەر گونجان و ساكاری و ئاسانی بەكارهێنان و كەمی ديسپلينی هاتووچۆ بەبەراورد لەگەڵ سەيارەو ماشێنی تر. ئەوە سەرەڕای زۆر هۆی تری وەكو بەئاسانی دەستكەوتنی پارک و ئاسانی لە چاككردنەوە هەروەها پاسكيل لە ڕووی تەندروستيەوە وەرزشێكی باشە و بە پاسكيل نەبێت ناكرێت لە ناو باخ و ناوچە سەوزەكان ماوەی دوور ببڕيت وتێر سەيری ديمەنە جوانەكانی سروشت بكەی ئەوەی ئاشكراشە هيچ كاريگەريەكی نەرێنی بۆ ژينگە نيە وەكو هۆكارەكانی تری گواستنەوە. . لەو وڵاتانە پايسكيل زۆر گۆرانكاری و پێشكەوتنی بە خۆوە ديوەو لێكۆڵينەوەی بەردەوامی لەسەر دەكرێت بۆ پێشخستنی لە ڕووی ديزاينەوە. هەروەها زۆر يانەی تايبەتی هەيە لەسەر ئاستی وڵات كە چالاكی بەردەوام وەكوو گەشتی بە كۆمەل و نەخشەی گەڕان و سوڕان و شوێنی حەوانەوەو زانياری خۆڕايی بە يارمەتی حوكمەت پێشكەش دەكات. لە ئەڵمانيا هيچ بەر دامودەزگاياكی ميری و بازاڕيكی ناوەندی نيە شوێنی وەستانی پاسكيلی نەبێت و لە هەموو شوێنێكی ئەو وولاتە لەتەک شەقامی سەيارە هی پاسكليش هەيە لەگەڵ ترافيک لايتی تايبەتی خۆی. خەڵكی كە دەچن بۆ سەفەر يان گەشت و گوزار پاسكيلەكانيان لەگەڵ خۆيان بە سەيارەكانيانەوە هەڵدەگرن و لە شوێنی مەبەست هاتووچۆی پێدەكەن تابتوانن زياتر مەعاليمی شوێنەكان ببينن. (ساڵی پارپتر لە 2 مليۆن و نيو لە گاشتيارانی ئەڵمان پاسكيلەكانيان لەگەڵ خۆياندا بۆ گەشتياری بردبوو) كەم كەس هەيە لەو وڵاتە كە پاسكيلی نەبێت بە وەزيرو گزيريشەوە!!

هەندێک لە وەزيرەكان وەكوو دكتۆر تۆماس گۆپێل وەزيری دەوڵەت بۆ لێكۆڵينەوەی زانستی هەروەها وەزيری ناوەخۆی هەرێمی زاكسن ئەنهاڵت كلاوس يێتسچۆرسكی و ئەندام پەرلەمان و وەزيری پێشوو شترۆبێلێ بە پايسكيل هاتوو چۆدەكەن و هەر بە پاسكيليش بۆكاری خۆيان لە وەزارەت دەچن. باشە بۆچی ئێمە لە كوردستان خەڵک هان نەدەين پاسكيل بەكاربهێنن و ئەو ديدە چەوتەيان لەمێشكيان بسڕينەوە كە بەچاوی شەرمەوە تێی دەڕوانن. باشە دەبێ نەنگی لەوەدا چی بێت ئەگەر يەكێک بە پاسكيل هاتووچۆ بكات لە جياتی سەيارە! ئێستا لەلای ئێمە وای لێهاتوە كەسێک بۆ دووسەد مەتريش بێت بە سەيارە گوزەر دەكات!! باشە چی دەبيت ئەگەر رۆژێک وەزيرێكی ئێمەش، پارێزگارێک يان بەڕێوەبەريكی گشتی بە پاسكيل بچێتە سەر كار! يان بەشداری چالاكيەک بكات لە پاسكيل سواری كە هەم بۆ هاندانی خەڵكی و شكاندنی ئەو بەربەستە دەروونيە و هەم بۆ تەندروستی لەشی خۆشی سوودی هەيە! و لەوانيە ئەوكات زياتركەموكورتيەكانی تايبەت بە خۆی وبە چاوی ڕووتەوە لە ناو شار ببينێ و زياتر لە هەوڵی چارەسەرياندا بێت و زياتر خۆشەويستی جەماوەر بۆ خۆی مسۆگەر بكات!؟

چەند جوان دەبوو ئەگەر لە تەنیشت ئەو ڕێگە نوێیە جوانەی کە لە هەولێرەوە بەرەو پیرمەم (سەربەن/ نەک صلاح الدین کە حوکمەت ناوی ناوە) کراوە بە هەردوو ئاراستەی چوون و هاتن شەقامیش بۆ پاسکیل بکرابان یان ئێستا بکرێت و لەسەر هەمان ڕەوگە نەمامی جوان بنێژرێت و خزمەتی بکرێت تا تەواو گەورە دەبن و خەڵکی بۆ خۆشی و وەرزش پاسکیل سواری تێدا بکەن!! زۆر پێویستە بۆ هەموو ئەو شەقامانەی لە بەرنامەدان کە بکرێن حیسابی پاسکیل سواران بکرێت چونکە ئیتر شارەکانمان بەرگەی پیسی و شەقامەکانیشمان جێگەی ئەو هەموو سەیارانە نابنەوە زیاد بوونی ڕێژەی سەیارە زۆر زۆر ناجۆرە لەگەڵ ژمارەی شەقامەکانمان چونکە کاتێک لە پایتەختی هەرێم بۆ نموونە 20000 سەیارە هەبوون پێش 10 ساڵ گرفت کەم بوو بەلاّم ئێستا سەیارەکان 5 تا 6 جار زیادیان کردوە وشەقامەکانیش لە سەدا دوو!! (بۆ نموونە 500 شەقام هەبوون و ئێستا بوون بە 510)
.

هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێت پێشنیار بکەم کە پێویستە ناوەڕاستی شارەکان بە تیرەی دوو کیلۆ مەتر تایبەت بکرێت بۆ ڕێبوار و پیادەو بەس. هەروەها بۆ جێگەو دانیشتنی ئەوان کورسی جوان و نافوورەی هەمە چەشنەی لێ دروست بکرێت یان کافێتێریای مۆدێرنی لێ دابمەزرێنرێت. . چونکە ئەو قەرەباڵغیە بێمانایەی سەیارە لە ناو جەرگەی شارەکانی هەرێم گرفتێکی زۆر گەورەی دەوست کردووە لە شێرازە چۆتە دەرەوە ئەوە لەلایەک لەلایەکی تر تاکو خەڵک بتوانێ بە ئازادی و خۆشی لەو شوێنانە بجووڵێتەوە و لەزەت لە دەرچوونەکەی وەربگرێت.
. لە هەموو شارە پێشکەوتوەکانی جیهانیش چەندان شەقامی پان و پۆر هەن کە تەنها بۆ ڕێبواران و پاسکیل سواران تەرخان کراون و بوون بە نێوەندێکی جەماوەری و کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری.
دەکەواتە بە هەموو هەوڵەکان خەستتر بکەین لە پێناو جوانی شار و خۆشی هاولاّتیان و چاو لە میللەتانی پێشکەوتوو بکەین چونکە ئەوان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەیشتوونەتە ئەم شتانە.




ژ. تۆماس وەزیری لێکۆڵینە وەی زانستی وەزیری ناوەخۆی زاکسن ئەنهالت لە میهرەجانێکی پاسکیل سواری